# "دەسەڵات بۆ گەندەڵییەکانی پشتیوانی نێودەڵەتی پەیدادەکات، دەبێت ئێمەش بۆ چاکسازیی پشتیوانی بزووتنەوەی مرۆڤایەتی جیهانی بەدەستبێنین"

## هەلاڵە ڕافیع ـ بەرپرسی کۆمیتەی بەرگریی لە مافەکانی ژنان/ سوید بۆ هاوڵاتی



هەلاڵە ڕافیع

• دیداری: سەمیرە محەمەد

هەلاڵە ڕافیع، هەڵسوڕاوی بواری ژنانەو زیاتر لە دوانزە ساڵە لە سوید نیشتەجێیەو بەر لەڕۆیشتنی لە کوردستاندا لە ڕێکخراوی سەربەخۆی ژناندا کاری کردووە، ئێستاش بەشێك لە کارەکانی لەسوید لەبارەی مافەکانی ژنانەوەیە لەکوردستان و لەعێراقدا. لە گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان هاوڵاتی ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازکرد.

**هاوڵاتی: گەڕانەوەی ئەمجارەت بۆ کوردستان چ پرۆژەیەکی لەپشتەوەیە؟**

**هەلاڵە ڕافیع:** زۆرجار گەڕاومەتەوە بۆ کوردستان، کە زۆربەیان پەیوەندییان بە مەسەلەی ژنانەوە هەبووە، بەڵام گەڕانەوەی ئەمجارەم کارکردنمە لەسەر پرۆژەیەك لە کەرکوك و بەغداد، دواتریش پرۆژەکە لە سوید وەکو کۆمیتەی بەرگریی لە مافەکانی ژنانی کوردستانی عێراق پرۆژەیەکمان لەگەڵ سەنتەری ئۆڵف پاڵمەی سویدیدا هەیە، لەسەر هۆشیارکردنەوەی ژنان لە کوردستان، هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەسەر مافەکانی ژنان بەشێوەیەکی گشتی، سەبارەت بە یەکسانیی ژنان و پیاوان و بە توندوتیژیی بەپێی یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و جنێف کە هەیە، جگە لەوەش بەشێك لە پرۆژەکەش پارێزگاریی و کۆمەککردنی ئەو ژنانەیە کە کێشەی کۆمەڵایەتییان هەیە، پرۆژەکە ماوەی سێ ساڵ دەخایەنێت، بەردەوامبوونیشی پەیوەندی بە بارودۆخی ئێرەوە هەیە، دەشمانەوێت بگاتە شارەکانی تریش.

**هاوڵاتی: پرۆژەکە لەدەرەنجامی ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە کوردستاندا ناهۆشیاریی هەیە؟**

**هەلاڵە ڕافیع:** پرۆژەکەی ئێمە لە دیراسەیەکەوە سەرچاوەی گرتووە، لە هەموو دنیادا هۆشیارکردنەوە پێویستە، لەبەرئەوەی هەم مەسەلەی کۆمەڵایەتی بەرەو پێش دەڕوات هەم مەسەلەکانی تر، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە کوردستان یان عێراقدا هەیە کە پەیوەندی بە کۆمەڵگەی دوای جەنگەوە هەیە، وەزعێکی بێ سەروسامانی هەیە، دەبێت ئەو هۆشیارییە زیاتربێت، بەڵام لە پاڵ پرۆژەی هۆشیاریدا دەبێت کاری کرداریش هەبێت کە چ ئێمە و چ ڕێکخراوەکانی تر دەبێت دەستی بۆ بەرن.

**هاوڵاتی: هەمووارکردنی یاساکانی باری کەسێتی کە بە ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە پرسی ژنەوە وەك پرۆژە لە پەرلەمانی کوردستاندا ماوەتەوە، ژمارەیەکی زۆری ژنان گرنگیی ئەو یاسایانەیان لا ئاشکرانییە. لێرەدا ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەندام پەرلەمانەکانی ناو لیژنەی داکۆکیی لە مافی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان چۆن دەبینیت؟**

**هەلاڵە ڕافیع:** هەڵبەت ئەو هەوڵەی کە باسدەکرێت پیرۆزە، بەڵام لێرە یاساکانی باری کەسێتی پاشکۆی شەریعەتی ئیسلامن، ئەگەر ڕێکخراوەکان کار بۆ ئەوە بکەن یاسا لە ئایین جیابکەنەوە شتێکی گەورە دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا ناتوانن لەبەرئەوەی یاساکانی کوردستان لەعێراق جیانین و کوردستانیش سەربەخۆ نییە، ئەو ژنانەش کە لە پەرلەماندان جا پەرلەمانی عێراق بێ یان کوردستان، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ کۆشش و هەوڵەکانیان و بزووتنەوەی ژنانیش ئەگەر دەرگیری پرۆسە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگا نەکەن بە هەمان ئەو سیاسەتەوە کاربکەن کە حیزبەکانیان پەیڕەوی دەکەن، ئەوا ناتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر پرسی ژن و ئەگەرچی ژمارەشیان کەم نییە، ژمارەی زۆری پەرلەمانتاری ژن واتا پرسی ژن چەند هەنگاوێك چۆتە پێشەوە و لە هەمان کاتدا مانای ئەوە نییە کە پرسی ژن گۆڕانکاریی جدیی بەخۆیەوە بینیوە، هەڵسوڕاوانی ژنان و ڕێکخراوەکان و پەرلەمانتارە ژنەکان ئەگەر بە جدیی کاربکەن بۆ ژن دەبێت لە هەموو پرۆسەیەکی سیاسی ئابووریی کۆمەڵایەتیدا هەبن، ئەگەر بەتەنها مەسەلەی ژن وەربگرن سەرکەوتوو نابن، ئەگەر نەتوانن حیزب ڕابکێشن بۆئەوەی وابکەن لە پرۆگرامیدا پرسی ژن بە تەوەرێکی جدیی هەبێت فشاری جەماوەری بخاتە سەر دەوڵەت، ئەمان مادام لەناو حیزبێکدان و لە پۆستێکی دەوڵەتیدان ڕاستەوخۆ و بە واقیعی گۆڕانکاریی لە یاساکان و پرسی ژندا بکەن.

**هاوڵاتی: ئەو دەستورەی کە ئێستا لەبەردەستدایە و تۆ دەڵێیت یەکسانیی بۆ ژنان دەستەبەر ناکات، پێتوایە ئەمە ئەرکی کێ بوو تاوەکو کاریگەریی دروست بکەن؟**

**هەلاڵە ڕافیع:** دەستورێك لە کوردستاندا کە جیا نەبێت لە دەستوری عێراق، من گومانم هەیە کە ئەوەی بزووتنەوەی ژنان دەخوازن بەدەستی بێنن، لەو دەستورەدا بەدەست بێت.

**هاوڵاتی: هەردوو بڕگەی یاسایی ٥٩و ٦٢ی تایبەت بە قەدەغەکردنی کوشتنی ژنان بەناوی شەرەف و ڕێگریی لە دیاردەی فرەژنیی دەرچوو، ژنانیش ئەمەیان بەدەستکەوتێك سەیرکرد، بەڵام ئێستا جێبەجێ ناکرێت هەرچەندە ژنان ڕۆڵیان هەبوو لە گۆڕینی یاساکانیشدا. بەڵام کە جێبەجێ ناکرێت، ئایا ئەمە کەلتوری کۆمەڵایەتیمانە ئەو گۆڕانانەی یەکسانیی دەخاتە کۆمەڵگەوە قەبوڵی ناکات یاخود ئەمە شتێکی ڕۆتینییەو کاری پێناکرێت؟**

**هەلاڵە ڕافیع:** حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامێکی بۆ ڕێکخراوەکان پێنەبوو، کاتێك ئەو بڕیارەی بە فشاری زۆری ڕێکخراوەکانی ژنان دەرکرد، لەبەرئەوەی بکوژانی ژن بەسەر شەقامەکاندا ئازادانە دەسوڕانەوە و هات ئەو دووبڕگەیەی دانا کە پێموایە مەبەستی نەبوو جێبەجێیبکات تەنها بۆ دەمکوتکردنی خواستی بزووتنەوەی ژنان بوو، بەڵام کەلتوری کۆمەڵایەتی ڕێگر نییە، هیچ کاتێك و لە هیچ شوێن و مێژوویەکدا خەڵك پێچەوانەی یاسای پێشکەوتووانە نەبوو، بە پێچەوانەوە یاساو شتی پێشکەتوو خەڵك زوو وەریدەگرێت. ئەگەر هەولێك نەبێت کوردستان یاسای خۆی هەبێت، ناتوانێت بەجیاش یاسایەك بێنێت جێبەجێیبکات.

**هاوڵاتی: پێتوایە لەبەرئەوەی لەئێستادا کە ناتوانین یاسای جیامان هەبێت، دەبێت بزوتنەوە ژنانیش داوای هیچ مافێك نەکەن تا ئەوکاتەی لەحکومەتی مەرکەزیی جیادەبینەوە؟**

**هەلاڵە ڕافیع:** بزووتنەوەی ژنان دەبێت لەگەڵ ئەوەی دەستتێوەردانیان هەبێت لە هەموو کاروباری سیاسی و یاساییدا، کە دەبێت لە خوارەوە کاری بۆ بکەن نەك هەر ئەوان هەڵسوڕاوانی ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش فشار دروست بکەن و بکەونە سەر ئەو هێڵەی پرسی ژن بە جدیی بگۆڕن. بە شێوەیەکی جەماوەریی لەنێو کۆمەڵگاوە کاربکەن نەك هەر بۆ ژن بۆ هەر پرسێکی تر ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە وەها سەرکەوتووتر ببێتە فشارێك بۆ سەر دەسەڵات و یاساو پەرلەمان و حکومەتیش. ئەمەیان بەبەرهەمترو سەرکەوتووترە.

**هاوڵاتی: نەبوونی زەمینەسازی یاسایی واینەکردووە جگە لە جێبەجێ نەکردن کێشەگەلێکی تری وەك بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەلاق، خۆ سوتاندنی ژنان، زوو بەشوودانی کچان... هتد نەکردووە، ئەمە وابکات دیاردە سلبییەکان تەشەنەبسەنن؟**

**هەلاڵە ڕافیع:** هۆکارەکە لێرە زۆر ئاشکرایە، بۆ خۆ سوتاندن خەڵك دەڵێن هۆکاری کۆمەڵایەتییە، چەوساندنەوەی ژنانە لە کۆمەڵگەدا کە تەنها لێدان ئازارو کوشتن ناگرێتەوە بەڵکو لە زۆر شێوازدا خۆی دەبینێتەوە، زەقترینیان چەوسانەوەی دەروونییە ئەمە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاوە کە لەژێر فشارێکی دەروونیی زۆردا ژنان ڕێگەچارەی تر نابیننەوەو پەنا دەبەنەبەر خۆ سوتاندن و ئەو فشارەش لەلایەن باوك و براو تەنانەت دایکیانەوە دروستدەکرێت، هەر لە ماڵ و شوێنی کارو شەقامەکانیشدا هەیە.

بەگشتی ئەم چەوسانەوەیە لە بەرامبەر هەمووداهەیە، بەڵام لەسەر ژنان زۆرترە، بەڵام بۆتە شتێکی (تابۆ)، شوێنێکیش نییە وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی پەنای بۆببات.

**هاوڵاتی: لە کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی تایبەت بە پرسی ژنان هەیە، بۆچی نەیانتوانیوە ئەو دیاردەیە نەهێڵن؟**

**هەلاڵە ڕافیع:** ڕاستە ڕێکخراوی زۆر هەیە، بەڵام منیش پرسیارئەکەم ئایا ئەو ڕێکخراوانە بەواقیعی لەگەڵ کێشەکانی ژناندا دەست و پەنجەیان نەرمکردووە؟ یاخود هەر ڕێکخراون و بارەگایان هەیە و سیمینار دەگێڕن. خۆ ئەمانە کارێکی زۆر باشن، بەڵام دەبێت لەئێستادا چاویان بخەنە سەر ئەو کێشە واقیعییانەی ژن دەرگیری دەبێت لەنێو ماڵ و لە شوێنی کارو لە هەر جێگەیەکدا کە ژن وجودی هەیە. ئایا هاتوون بە واقیعیی ئەو کێشانە باسبکەن وا ئاماریان لێ دروستبکەن و پێشنیاز بدەنە پەرلەمان؟ ئایا توانیویانە هەر لە گەڕەکەکەیانەوە سەد ژنیان هێناوە لەسەر کێشەی نەبوونی ئاوو کارەبا کە لەڕاستیدا کێشەی هەموانە، قسەیان هەبێت؟

**هاوڵاتی: بەکالا سەیرکردنی ژنان و تەشەنەسەندنی دیاردەی لەشفرۆشیی، ئەمە بۆخۆی گەورەترین زەرەری لە بزووتنەوەی ژنان نەداوە لەجیهاندا بەگشتی؟**

**هەلاڵە ڕافیع:** بەڵی وایە، هەرچەندە لە ئەوروپا ژنان بە زۆرێك لە مافەکانی خۆیان ئاشنابوون بەڵام ئەم مەسەلەی بازرگانی سێکسییە نەك تەنها بە ژنانەوە دەکرێت، بەڵکو بە پیاویشەوەیە.

**هاوڵاتی: کەواتە لە ئەوروپا ژن وەك کالا سەیردەکرێت و لە کوردستانیشدا وەك سیمبولی شەرەف؟**

**هەلاڵە ڕافیع:** ناتوانم بڵێم لە ئەوروپا وەك کالا سەیردەکرێت، بەڵام بەڵێ لە کوردستان وەك شەرەف سەیردەکرێت.

**هاوڵاتی: چاودێرانی سیاسی لە کوردستان پێیانوایە کە دەسەڵات قەبارەی دیاردەکە بچوك دەکەنەوە، مانگانە دەیان تۆڕی لەشفرۆش دەستگیردەکرێن و دواتر تێکەڵ بە کۆمەڵگە دەکرێنەوە، یاخود خەڵکانی هاتوو کە مەترسیی ئایدزیان لێدەکرێت، سنور دەبەزێنن و دێنە کوردستانەوە. ئایا ئەم بێدەنگبوونەوە لەسەر دیاردەکە بۆ ڕووپۆشکردنی گەندەڵییەکانی دەسەڵاتخۆیەتی لەکاتێکدا قوربانییانی دیاردەکە بەناوی شەرەف پارێزییەوە کە زۆرێکیان ژنن، دەکوژرێن و ئەوانی تریش هیچ ئیجرائاتێکیان لەگەڵدا ناکرێت؟**

**هەلاڵە ڕافیع:** نەخێر، دەسەڵات و هەموو ئەو بەرپرسانەی گەندەڵییان هەیە، بۆ ڕووپۆشکردنی دیاردەکە واناکەن بەڵکو گەندەڵییەکە هێندە ئاشکرایە هەموان باسی دەکەین، ڕۆژنامەکان، خەڵکانی ڕیفۆرمخواز، لە بنەڕەتدا بۆیان گرنگ نییە من و تۆ باسی گەندەڵییەکانیان بکەین و ڕەخنەیان لێ بگرین، چونکە ئەوان گەندەڵن، کەواتە بەلاشیانەوە گرنگ نییە لەشفرۆشیی زیادبکات، چونکە ئەمە سیفەتی دەسەڵاتی لەو جۆرەیە کە شتێکی حەتمییە گەندەڵیی و لەشفرۆشیی و جۆرەها تاوانی لێدەبێتەوە، ئەوەشی دەبێتە قوربانی دیاردەکە بواری داراییەکەی خراپە، ئەمە جگە لەو کەپتە زۆرەی لە ژیانی گەنجەکاندا و پەروەردەی نایەکسان وادەکات کەبۆچوونی کۆمەڵگا دەردەخات لە بەرامبەر ژندا، کە چەندێك بەچاوی سوك سەیر دەکرێت، شەرەفی پێ لەکەداردەکرێت.

**هاوڵاتی: چی بکرێت بۆ سنورداردکردنی دیاردەکە، ئایا جیاکردنەوەی شوێنێك بۆ لەشفرۆشان کە وەك خۆیان ئێستا داوای مۆڵەت دەکەن، چارەسەرە؟ ڕێگەچارەی تر چییە؟**

**هەلاڵە ڕافیع:** چارەسەر ئەوەیە کە هەریەکێکمان لەهەر دامودەزگایەکدا کاردەکەین و بەئاشکرا دەست بکەین بە چاوی ئەوەدا کە کاری نائینسانیی دەکات، هەرلە کەسێکی خاوەن دەسەڵاتەوە تاخوارەوە، ئەمەش دەبێت بە شێوازێکی یاسایی و ڕێکخراو بکرێت و کاریگەریی هەبێت لە کۆمەڵگەدا لەگەڵیشیدا پشتیوانیی نێودەوڵەتیی هەبێت، چونکە ئەوان بۆ گەندەڵییەکانیان پشتیوانیی پەیدا دەکەن، دەبێت ئێمەش بۆ چاکسازیی و پێکهێنانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەبێت بزووتنەوەی مرۆڤایەتی و جیهانی بهێنینە پشت سەری خۆمان.

چارەسەری لەشفرۆشیی بەڕاستی ئەوە ئەرکی دەسەڵاتە بە پلەی یەکەم، بۆ نەهێشتنی دەبێت باری ئابوورییان چاك بکات، بەوەی مووچەیەکیان بۆ ببڕێتەوە، بۆ ئەوانەی بەهۆکاری ئابووریی پەنایان بردۆتە بەر دیاردەکە و ئەوانەشی کە تووشی لادان بوون، پێداچوونەوە بە پەروەردەی خێزانی و سیستمی خوێندندا بکات.